مەسعود بارزانی:پشتیوانیی خەم بۆ مافەکانی ئافرەتانی کوردستان دووپات دەکەمەوە

ڕۆژی هەینی هەشتی مارس/ئاداری 2024 مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی هەشتی مارس پەیامێکی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئێکس بڵاوکردەوە.

دەقی پەیامەکەی بارزانی:

هەشتی مارس، ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان، لە سەرجەم ئافرەتانی کوردستان و عێراق و جیهان پیرۆز بێت. لەم بۆنەیەدا پشتیوانیی خەم بۆ مافەکانی ئافرەتانی کوردستان دووپات دەکەمەوە و ڕۆڵی ئافرەتانی کوردستان لە خەبات و ئازادیخوازیی گەلەکەمان بەرز دەنرخێنم.